کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-7-2007 15:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



**کاتێک ئێراق دەبێتە ڕەمزی عروبە! سلێمانی دەبێتە مولازیم موحسین و هەولێریش بیری سەیدول ڕەیس دەکات! ... هیوا بەکر**

ئەوەی لە سەیتەرەی ئارەبە زۆڵەکانی دوورل ئەمن و عەقاری نێو سلێمانی دا ڕیسوا نەکرابێت نرخی ئازادی نازانێت. ئەوەی لەسەر بەگژداچوونەوەی ئیمزای بەبەعسی بوون و جلی تەلایع لەبەرکردن لە مەکتەب فەسڵ نەکرابێت تامی کوردایەتی نازانێت. ئەوەی لەسەر هەویتەك شەقی نەخواردبێت مانای کوردستانی بوون نازانێت. ئەوانەی هەموو ئەو ئازارانە و لەوەش جەرگ بڕتریان چەشت دەزانن من باسی کوێ و کێ و چ وەختێك دەکەم!

ئای چەندە تاریك بوو ئەو ڕۆژانەی پێشمەرگە لەشەودا خەریکی جاش قڕان بوون و جاش و زۆڵە ئارەبی سوننە و شیئەش خەریکی کورد قڕان.

بە بیرم دێت لەسەر شەقامی سەرچنار وەستابووم بۆ پاس کاتێك دوو سێ جەیشول شەعبی پەلیان دایە کوڕێکی داماو، کە ئێستاش ناوەکەیم لەبیرماوە و ناوی تەها بوو، تەنها لەبەر ئەوەی جلی کوردی لەبەردا بوو دایانە بەر شەق و قۆناغە تفەنگ من ئەو کاتە هەمووی دە ساڵ دەبووم لە تاودا گەڕامەوە بۆ ماڵ و ئەو ڕۆژە نەچومەوە بۆ دەوام. لە بیرمە لە کاتی مەنعول تەجەولەکەی سلێمانی چۆن شۆفڵە هارەکانی بەعس کەوتنە ناو خانووەکانی لای مەعمەلی چیمەنتۆکە و بە چاوی خۆم سێ خانووم بینی هاڕەیان کرد بەسەر کەل و پەلەکانی ناوی. بە بیرم دێت چۆن خوشکەکەم لە ئامادەیی سلێمانی کچان بەشداری خۆپیشاندانی کرد و کەوتە بەر پرژەی گازی فرمێسك ڕژێنی بەعسیەکان و بە بوراوەیی هێنایانەوە ماڵەوە. بە بیرم دێت چۆن لە مفاوەزاتەکەی ٨٣ دا چەندین برادەری مەکتەبم سەرەڕای بچوکی تەمەنیان بێ سەر و شوێن کران تەنها لەبەر ئەوەی وێنەیان لە ڕێپێوانەکان و خۆپیشان دانەکانی ئەو کاتدا گیرابوو.

ئای کە شەرمە شارێك ئەو هەموو ئازارەی وا بە ئاسانی لەبیر چوو! ئای کە شەرمە لەبەر کورد ئارەبە ئاوارەکان فریا ناکەون ئاڵا قێزەونەکەیان ڕاوەشێنن!

کەوابوو ڕەوایە گەر بڵێم:

بە بیرم دێت سلێمانی دارول مولکی بابان بوو،

بەڵام ئێستا مولکی کۆمەڵێك، گەنج و کوڕ و کاڵی سەرلێشێواو!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
31-7-2007 15:34 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

تێبینی/ ئەوەی سەرەوە بابەتێکی تەنز ئامێزە بەڵام ئەگەر زانستیانەتر لەمەڕ ئەو بابەتە بدوێم ئەوا دەتوانم بڵێم کە ئەوەی لەسەر شەقامەکان دەگوزەرێت تەواو پێچەوانە و دژ بە لێدوانەکانی سەرانی کوردە بە تایبەتیش ووتەکانی بەرزانی لەبارەی ئاڵای ئێراقەوە. خوا فرسەتی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ڕۆژنامەنوسەکان و سیاسەت مەدارەکانی وەك پیتەر گالبریس بدات کە ساڵانێکە دەیانەوێت بە گشت دنیای بسەلمێنن کە کورد خۆی بە ئێراقی نازانێت بەڵام نەزانی و ساویلکەیی کورد بە تەنها گۆلێکی کاك هاوار هەمووی ئاوەژوو کردەوە.

ئێمە لە شارەکەی خۆمان هەموو نەتەوەکانمان ڕاهێنا لەسەر ئەو ڕاستیەی کە کورد نایەوێت ئێراقی بێت بەڵام کون لەجەرگا نەبوەکانی سلێمانی و هەولێر بۆ یەك گۆڵ سەد گوڵیان لە یەخەی دوژمن دا.

تکایە بۆ بەڵگە سەیری ئەم لینکەی خوارەوە بکە:

http://www. bbc. co. uk/leeds/videonation/kurdish. shtml

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.